# خولەكانی كوردستان و ڕێكارەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆڵی دووەمی كۆرۆنا

**وەرزی ڕابردوو خولی نایابی كوردستان بەهۆی هاتنی شەپۆلی یەكەمی كۆرۆناوە لە سەرتاسەری جیهاندا، وەرزشی وەكو هەموو پایەكانی دیكەی ژیان وەستاند، خولی كوردستانیش بە تەواو نەكراوی كۆتایی هات، یەكێتیی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاریداوە كە ٢٣ی مانگی داهاتوو یارییەكانی بە بەشداری یانەكانی شارەكانی كوردستان بەڕێوە ببات، یەكێتییەكەش بڕیاری بە پێی ڕێنماییە تەندروستییەكان و خۆپارێزیی یاریزانان و وەرزشكاران و ستافی یانەكان و ناوبژیوانان و سەرپەرشتیاران، یارییەكانی ئەنجام بدات، لە ئەگەری هاتنی شەپۆلی دووەمی كۆرۆناشدا یەكێتیەكە ئەوەی پێویست بێت بۆ سەرخستنی خولی نایابی یانەكانی كوردستان ئەنجامی دەدات، لەم بارەشەوە بەرپرسان و وەرزشكاران قسەی خۆیان بۆ گوڵان هەبوو.**

**■ ڕاپۆرتی: كارزان كانەبی**

لە بارەی ئەگەری هاتنی شەپۆڵی دووەمی پەتای كۆرۆنا دڵشادساڵح ئەندامی یەكێتیی تۆپی پێی كوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە پەڕاوی یەكێتیەكەمان وەكو نامیلكەیەك ئامادەكردووە بۆ ئەوەی بە سەر هەموو یانە و یاریزانان و ڕاهێنەر و هاندەران و یاریگاكان و ناوبژیوانان و سەرپەرشتیاران و وەرزشكاراندا دابەشی بكەین، بۆ ئەوەی بە تەواوی پابەندی ڕێنماییەكانی ئێمە بن، بۆ سەرخستنی خولەكانی كوردستان بە سەرجەم خولەكانەوە، ئەو نامیلكەیەش لە یەكێتیی تۆپی پێی ئاسیاوی وەرگیراوە و یەكێتیی تۆپی پێی عێراقیش لەسەری دەڕوات، ئێمە دەتوانین بۆ ناوبژیوانان و یاریزانان و ڕاهێنەران و یاریدەدەران و وەرزشكاران و سەرپەرشتیاران و یاریزانانی یەدەگ ڕێكاری باش بگرینەبەر، سەیری یارییەكانی خولی عێراقی دەكەین كە ٢٥ی مانگ بەڕێوەدەچێت، تا بزانین ئەوان ڕێگە بە هاندەرانی كوردستان دەدەن كە دوو یانەی گەورەی كوردستان بەشدارن، تاكو ئێستا ڕێكارەكانمان تەواوە و پەنا بەخودا خولەكانی كوردستان بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەكان بەڕێوە دەچێت، هەموو كارەكانی ڕێنمایی لە نێو یاریگا ئامادەیە و دەیدەینە لایەنی پەیوەندیدار وەكو وەزارەتی ناوەخۆ و تەندروستی و پارێزگای هەولێر بۆ ئەوەی بتوانین خولەكە بە سەركەوتوویی بەڕێوە ببەین، ئێمە گەشبینین و چاوەڕوانی حكومەتین، هەوڵی خۆمان داوە بۆ ئەوەی هەموو لایەك سەلامەت بن و ڕێكارە تەندروستییەكان جێبەجێ بكرێت، پلانی تۆكمەشمان هەیە».

بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانەی هەولێریش لەم بارەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چاوەڕوانی ڕێنماییەكانی تەندروستیی پارێزگای هەولێرین، لەسەر ڕێنماییەكانی ئەوان دەڕۆین و سەرجەم یاریزانەكانمان پشكنینی پەتای كۆرۆنایان بۆ كراوە، تەنیا یەك یاریدەدەرمان دەرچووە كە نەخۆشە، سەرجەم یاریزانەكان پارێزراو بووین و لە مەشقەكانیان بەردەوامن، ئەوەی پێویست بێت بۆ هەردوو خولی نایابی عێراق و كوردستان و خولەكانی تریش لە ناو یاریگا، بۆ جێ بەجێ كردنی ڕێنماییەكانی







تەندروستی لە ناو یاریگا و هاندەران و یاریزانانمان جێ بەجێ دەکەین، دەمانەوێ بە جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان سەرجەم یاریزان و هاندەرانمان سەلامەت بن».

محەمەد حەمەخان سکرتێری یانەی وەرزشیی بروسك لە بارەی هاتنی شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا بەم جۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو: «لەسەر لایەن و بەرپرسانی وەرزشی لە یەکێتییە وەرزشییەکان پێویستە کە ڕێنماییە تەندروستییە کان جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین خولێکی سەرکەوتوو پارێزراوی یاریزانان ئەنجام بدەین، ئێستا کە پەتای کۆرۆنا لە ناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لە سەرجەم وڵاتانی جیهان خولە وەرزشییەکان بە پێی ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستییەکان بەرێوەدەچن و ئەوەی بینومانە یارییە نێودەوڵەتییەکانیش بەرێوەدەچێت، بۆیە دڵنیام یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان ڕێکاری باش ئەنجام دەدات، پێویستە یانەکان و یاریزانانیش بە شێوەیەکی تۆکمە پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکەن بۆ ئەوەی خولێکی سەرکەوتوو بەڕێوە بچێت و یاریزانانیش پارێزراوبن لە هەموو ئەگەرێکی ئەم پەتایە».

سەرکار عەلیخان وەرزشکاری دێرینی کوردستان و جێگری پێشووی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لەبارەی ئەگەرەکانی هاتنی شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا و دروستکردنی ئاستەنگ بۆ یاریگاکان و کوردستان،بەم جۆرە رای خۆی خستە روو: «ئەگەر شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا بێتەوە کوردستان، هەر چەندە ئێستاش بارودۆخی کوردستان باش نییە، پێویستە بۆ خولی کوردستان سەرەتا پشت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببەستین، پێویستە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە دوور بگرێ و کەمترین بەرکەوتە هەبێ، ئەگەر بارودۆخەکەش خراپ بوو، دەتوانێت خولی کوردستان بێ هاندەران بەرێوە ببات، بەڵام ناتوانین بەشی زۆری یاریگاکان لە هاندەران کۆنترۆڵ بکەین، لە هەر شارێك دەتوانین پشت بە یاریگایەك ببەستن و هاندەران کۆنترۆڵ بکرێن، بۆ قەزا و ناحیەکانیش دەتوانین شێوازی تازە بەکاربهێنن، ژیانی یەك هاندەر و وەرزشکار لە هەموو شتێك گرنگترە، پێویستە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان زیاتر کار لەسەر ئەوە بکات کە بەرکەوتن کەم بێت.

عەباس فەرەج راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی یانەی سیروانی نوێیش لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بێگومان هاتنی ئەو شەپۆلە کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر یاریگاکانمان، کە هەمیشە بەو هاندەرانەوە جوانن کە دێنە ناو یاریگا و بە بەردەوامی هانی تیپەکانیان دەدەن، پارساڵ بینیمان یارییەکانی فوتساڵی کچان چ هاندەرێکی زۆریان هەبوو، ئێستا لە سەرجەم شارەکانی کوردستان هاندەر و هەواداری زۆر بووە و یارییەکەش پەرەی سەندووە، یانەکانیش گرنگی بە تیپی کچان دەدەن، هیوادارم وەکو وڵاتانی ئەورووپا بڕیارێك بدرێت تا هاندەران بە پێی ڕێنماییە تەندروستیەکان ڕێژەیەکی کەم ئامادەبن و هاندەران بێنە ناو یاریگاکان، بۆ ئەوەی بتوانن چێژێکی تایبەت بدەن بە یاریگاکان، ڕێنماییە تەندروستیەکانیش جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەك سەلامەت و تەندروست بن.





شنە محەمەد:
یاریزانی تۆپی باڵەی کۆیە

# هەمیشە حەزم لەوە بووە کە لە وەرزش بەردەوام بم و گوێ بە قسەی خەڵک نەدەم

یانەی وەرزشیی کۆیە یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە تیپەکانی کچان دەدات، تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و پاڵەوانی کوردستان و عێراقە، جگە لەوەش خاوەنی چەندین کچەیاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچەیاریزان (شنە محەمەد) ـە کە قوتابیی کۆلێژەی پەروەردەی وەرزشیە و بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووە، لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراقیش لەگەڵ یانەکەی خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، شنە محەمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە و پێشتریش یاریی بۆ چەند یانەیەکی شاری سلێمانی کردوە، ئەمساڵیش رووی لە یانەی کۆیە کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***بۆچی یاریی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

-چونکە زۆر حەزم لەم یارییە بوو، ئەم یارییە ئاواتی من بووە، دڵنیام هەر شتێکیش حەز و ئارەزووت بۆی هەبێت، سەرکەوتوو دەبێت تێیدا.

*** ئاستی یاریی باڵە لە شارەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا گرنگی بەم یارییە دراوە بەتایبەتی بۆ کچان، بۆیە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا هەموو یانەکان ئاستیان زۆر پێشکەوتووە و زۆریش باش بووە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر پێویستە بۆ پێشخستنی ئەم یارییە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی باشترین یاریزان و بەهێزبوونی هەموو تیپەکانی کوردستان.

*** بوون بە پاڵەوانی کوردستان لەگەڵ یانەی برایەتی چ هەستێکی پێ بەخشیت؟**

-هەستێکی زۆر خۆش بوو کە دوو ساڵ لە سەر یەك بەبێ شکست بوومە پاڵەوانی کوردستان، جگە لەوەش وەکو یانەکانی دیکە نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان و لە گەرمای هاوینیشدا نەبوونی فێنکەرەوە لە هۆڵەکان کاریگەریی خۆی هەیە، ئەم کێشانەش باوە و هەموو یانەکان پێدا تێپەڕ دەبن.

*** بەگشتی کێشەو گرفتتان چین؟**

-وەك پێشتریش گوتم نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بە خۆمان ئەوە کێشەیەکی سەرەکییە.

*** بۆچی لە کوردستان ئافرەتان کەمتر بەشداریی وەرزش دەکەن؟**

- ئەو بابەتە من دەیگەڕێنمەوە بۆ کەمیی حەزی کەسەکان، مرۆڤەکان لە حەزەکانیاندا جیاوازن هەریەکە و حەزی لە شتێکە، من ئەوە ناگەڕێنمەوە بۆ رێگریی کەسوکار، چونکە ئەو ساڵانە تێپەڕیوون، هیوادارم ئەو کەسانە تێبگەن کە دەڵێن وەرزش کارێکی خراپە، چونکە لانیکەم تەندروستییەکی باشە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

-زۆربەی ئاواتەکانم لەم یارییەدا هاتۆتە دی، بەڵام دەمەوێ ببمە نموونەیەك کە هەموو یاریزانێك هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوە بدات کە من پێی گەیشتووم.

*** ساڵانە کردنەوەی یەك پاڵەوانێتی کەم نییە بۆ یاریزانان؟**

-ئەم رێژە کەمە هیچ سوودێکی بۆ ئەم یارییە نابێت.

*** لە یەك کاتدا دوو یاری ئەنجام دەدەی بۆچی؟**

-دەمەوێ ببمە هۆکارێك بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنە ناو بواری وەرزش، یاریی لەشجوانی و گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی دەست و شاخەوانیم کردوە، جگە لە تۆپی باڵەش، هەمیشە حەزم لەوە بووە کە بەردەوام بم و گوێ بە قسەی خەڵك نەدەم.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-بەڵێ لە چەندین یانە داوا کراوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، سوپاس بۆ گرنگیدانتان بە تەواوی وەرزشەکان، هیوادارم لە خزمەتکردن بە وەرزش بەردەوام بن.



# میسی
## باشترینی مێژووی لالیگایە

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، کە ناوەندی لێکۆڵینەوەکان لە مێژوو و ئامارەکانی تۆپی پێ ئەنجامیداوە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بەرشلۆنە باشترین یاریزانە لە مێژووی لالیگا.

بۆ دەرخستنی دەرنجامەکان و دانانی خاڵەکان هەڵسەنگاندن بۆ یاریزانەکان کراوە بە پشت بەستن لە یارییەکان، لێدانە سزاکان و تۆمارکردنی گۆڵی بە هەڵە، لەگەڵ هەژمارکردنی کارتە زەرد و سوورەکان و نازناوەکان و ژمارەی یارییە نێودەوڵەتییەکان و وەرزەکان.

خۆزێ ئەنتۆنیۆ ئۆرتیگا، کە لێکۆڵینەوەکەی ئامادە کردووە ئاشکرای دەکات لە ماوەی ٩٠ساڵی رابردوودا واتە لەو کاتەوەی لە وەرزی ١٩٢٨-١٩٢٩ لالیگا دەستیپێکردووە تاکو وەرزی رابردوو ٩٧٢٤ یاریزان یارییان کردووە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بەرشلۆنە بە کۆکردنەوەی ٦٩٥ خاڵ پلەی یەکەمی گرتووە و بە باشترین یاریزان لە مێژووی لالیگا دیاریکراوە، لەدوای ئەمیش ئێنریکی کاسترۆ ناسراو بە کینی یاریزانی پێشووی سپۆرتینگ خیخۆن و بەرشلۆنە دەبینرێت و ٥٦٦ خاڵی کۆکردووەتەوە، پلەی سێیەمیش بە ٥٥٧ خاڵ بووەتە بەشی سیزارۆ رۆدریگێز، کە ئەم یاریزانە جگە لە سابادیل و گارانادا و لیۆنێسا و ئێلچی بۆ ماوەی ١٣ وەرز لە ریزەکانی بەرشلۆنە یاری کردووە.

هەریەکە لە تیلمۆ زارا و رائول گۆنزالێزیش پلەکانی چوارەم و پێنجەمی ریزبەندیەکەیان گرتووە.

ئەوەی چاوەڕواننەکراوە لە لێکۆڵینەوەکەدا نەبوونی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پێشووی ریال مەدرید و ئێستای یۆڤێنتۆسە لە ١٠ پلەی پێشەوەی ریزبەندیەکە، رۆناڵدۆ لەم لێکۆڵینەوەیە ٤٥٧ خاڵی پێدراوە و لە پلەی دوازدەمی ریزبەندیەکە دەبینرێت.

هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە مێسی زۆرترین گۆڵی کردووە کە ٤٤٤ گۆڵە، لەدوای ئەمیش کریستیانۆ ٣١٢ گۆڵی تۆمار کردووە، بەڵام کریستیانۆ زۆرترین گۆڵی بە لێدانی سزا هەیە کە ٦١ گۆڵە و خاوەنی ژمارەی پێوانەییە، لەبەرامبەردا مێسی ٥٧ گۆڵی لەم رێگەیەوە تۆمار کردووە، لە کاتێکدا مێسی لە لالیگا بەردەوامە و پۆرتوگالیەکەش ئێستا لە خولی ئیتالیا یاری دەکات.








# رۆناڵدۆ تووشی کۆرۆنا بوو

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی پۆرتوگال تووشبوونی کریستیانۆ رۆناڵدۆی کاپتنی هەڵبژاردەی پۆرتوگالی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند، دۆخی یاریزانەکە زۆر باشە و هیچ نیشانەیەکی قورسی نییە.

بەپێی میدیاکانی ئیتالیا، کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە دۆخێکی زۆر باشدایە و بەزووترین کات بەسەر ڤایرۆسەکەدا سەردەکەوێ، بەپێی قسەی میدیاکانی ئەو وڵاتەش بێت، لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا پشکنینی دیکە بۆ دۆن دەکرێت و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڤایرۆسەکە تێدەپەڕێنێ.

رۆژنامەی لاگازێتا دێلۆ سپۆرتی ئیتالی لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە مەرج نییە کریستیانۆ رۆناڵدۆ بۆ ماوەی ١٠ رۆژ لە کەرەنتینەدا بێت، تەنانەت بەهێزیی بەرگریی جەستەی ئەو یاریزانە بەریژەیەکە، کە رەنگە لە ماوەی شەش رۆژدا بە تەواوی بەسەر ڤایرۆسەکەدا سەربکەوێت و تێیبپەڕێنێت.

لە درێژەی راپۆرتەکەدا هاتوو، لە چەند رۆژی داهاتوودا سێ جاری دیکە پشکنینی کۆرۆنا بۆ کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەکرێت، ئەگەر لە ماوەی شەش رۆژی داهاتوودا هەریەکێک لەو پشکنینانە نێگەتیڤ بێت، ئەوا دەتوانێ بگەڕێتەوە نێو هاوڕێکانی و دەست بە مەشقەکانی بکاتەوە.

یەکێتی تۆپی پێی پۆرتوگال، لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا تووشبوونی کریستیانۆ بە ڤایرۆسەکە راگەیاند.

# بۆسکێتس پێویستی بە کاتە بۆ باسکردنی کێشەکانی بەرشلۆنە

سێرجیۆ بۆسکێتس دەڵێت: کێشەکانی بەرشلۆنە ئەوەندە زۆرن ئەگەر بمەوێت قسەیان لەبارەوە بکەم پێویستم بە ٥ بۆ ١٠ کاتژمێر هەیە.

سێرجیۆ بۆسکێتس یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەڵێت: راستە ئێمە لە بەرشلۆنە بە باشترین دۆخمان تێناپەڕین، ئێمە لەناو یاریگا و دەرەوەی یاریگا وەرزێکی باشمان تێپەڕ نەکرد، بەڵام من نامەوێت لێرە باسی کێشەکانی بەرشلۆنە بکەم، چونکە پێموایە ٥ بۆ ١٠ کاتژمێرم پێویستە تاکو کێشەکان باس بکەم، بۆیە هەر کاتێک تیپێک باش نابێت بێگومان یاریزانەکانیش خراپ دەبن.

بۆسکێتس گوتیشی: من ئەو رەخنانە قبووڵ دەکەم، کە لێم گیراون، ئەم ماوەیە لە بەرشلۆنە هیچ کەسێک نەماوە رەخنەی لێنگیرێت، من ژمارەیەکی زۆر یاری دەکەم، بەڵام دەبێت باش بزانن من تەمەنم ٢٠ساڵان نییە لە هەمان کاتدا هەست ناکەم دۆخم خراپ بێت و هێشتا توانای یاریکردنم هەیە بۆیە بیرم لە وازهێنان لە یاری نێودەوڵەتی نەکردووەتەوە.

بۆسکێتس دەشڵێت: من لەگەڵ کێڤن دێ برۆین هاوڕام، ئەنجامدانی ٣ یاری لە ماوەی شەش رۆژدا بۆ ئێمە زۆر قورسە ئێمە دەرفەتی پشوودانمان نییە، بەڵام پێویستە خۆمانی لەگەڵ رابهێنین، هەروەها بە بانگهێشتکرانم بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا دڵخۆشم، چونکە لێرە من کاپتنی دووەمی هەڵبژاردەکەمم و هەست بە ئاسوودەیی دەکەم.



# کچانی سیروانی نوێ ئامادەن

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی سیروانی نوێ پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، هەر چەندە ئەم وەرزە بە هۆی بوونی پەتای کۆرۆنا خولەکە دواکەوتووە، بەڵام تیپەکە بۆ دەستپێکی خولەکە لە ئامادەکارییەکانی بەردەوام بووە و دەیەوێت پارێزگاری لە ئەنجامە باشەکانی وەرزی رابردووی بکات، لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش مامۆستاعەباس فەرەج راهێنەری کچانی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی فوتساڵی کوردستان دەستپێکردووە و بەشداریی خولێکی دۆستانەمان لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید کردووە، سودی زۆرمان لێ بینی و پلەی یەکەممان بەدەست هێنا، ئەوەش بۆ ئێمە ئامادەکارییەکی باشبوو، بە شێوەیەکی باش دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە و هیچ گرفتێکمان نییە لە تیپەکە، پێکهاتەیەکی تۆکمەمان دروست کردووە جگە لە هێنانی ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەکەمان، ئەمساڵیش بەڵێنمان داوە بە هەمان هێز و ورەی جاران بگەڕێینەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، لەم سێ ساڵەی دواییشدا یەکێك بووین لە تیپە بەهێزەکان، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش هەموو ئامادەکارییەکی کردووە، هێشتا خولەکەش ماوە، لە ماوەی داهاتوودا تیپەکەمان مەشقی باشتریش

# هەولێر پشت بە یاریزانی پیشەگەر دەبەستێ



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر بە مەبەستی بەشداریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو بە شێوەی خول دەست پێ بکات، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر نیازی ئەوەی هەیە ئەمساڵ بە شێوەیەکی باشتر لە خولەکە دەربکەوێت، لە ساڵانی رابردوو کەنەیتوانیوە ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنێت و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات، بۆیە ئەم وەرزە یانەی هەولێر بە سەرپەرشتی (رادان گاسنین)ی راهێنەری بە رەگەز کرواتی، دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە و گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی ناوخۆ و پیشەگەر مۆرکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەکە گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەر مۆرکردووە، ئەوانیش هەریەك لە یاریزانان (دانیاڵ ساریۆس یاریزانی هەڵبژاردەی ترینیدادوتۆباگۆ پێشتر لە خولی ئەمریکی یاریی کردووە لە ریزی یانەی شیگاکۆ و فایر و کنساس سیتی لە خولەکانی ڤیتنام و هیند و هیندۆراس و سعودیە و ترینیدادیش یاریی کردووە، جگە لەم یاریزانەش هەولێر گرێبەستی لەگەڵ پیشەگەری تونسی (محەمەدنیزاڵ سەعید) مۆرکردووە، کە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، پێشتریش لە خولەکانی تونس و سعودیە و سلۆڤاکیا یاریی کردووەو یاریزانی هەڵبژاردەی تونس بووە، فەرحان شوکریش بەفەرمی بووە یاریزانی یانەی هەولێر بە



# خۆزی دۆسکی دەیەوێت کچانی ئاکرێ بکاتە پاڵەوانی کوردستان

تیپی تۆپی پێی فوتساڵی یانەی ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆك، دوای نۆ ساڵ لە دابڕان لە بەشداریکردنی خولەکانی کچان، ئەمساڵ بڕیاریان داوە بە تیپێکی تۆکمە و بە ڕاهێنەرایەتیی ڕاهێنەرێکی ئافرەتی بەتوانای پارێزگای دهۆك، کێبڕکێی سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولی نایابی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەی وەرزشی ئاکرێ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری بەئەزموونی ئێستای شاری دهۆك و پێشووی یانەی گارە (خۆزی حەمید دۆسکی) مۆرکرد، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لەم وەرزەدا، لە بارەی ئامادەکارییەکان و وەرگرتنی سەرپەرشتیکردنی کچانی ئاکرێ، خۆزی دۆسکی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چەند یانەیەك داوای ئەوەیان کردبوو کە مەشقی یانەکانیان لە ئەستۆ بگرم، بەڵام من یانەی ئاکرێم پێ لە هەموو یانەکانی دیکە باشتر بوو، ئاکرێ بەرنامەیان هەیە بۆ ماوەی درێژ و دەیانەوێ تیپێکی گەورە دروست بکەن، بۆیە ئەو بڕیارەم داوە، بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی کوردستان دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە و کارمان لەسەر هێنانی چەندین یاریزان کردووە بۆ ریزی یانەی ئاکرێ»، هاوکات گوتیشی: «ئێمە لەگەڵ کارگێڕیی یانەکە بڕیار دروستکردنی تیپێکی تۆکمەمان داوە بۆ شاری ئاکرێ لە یاریزانانی شارەکە، بۆ بەشداریکردنمان لە خولەکە بە شێوەیەکی باش، کێشەو گرفتی کچانی ئاکرێش وەکو یانەکانی دیکە بێ گرفت نییە، کێشەی دارایی لە هەموو یانەکان هەیە و گرفتێکی دیارە، بەڵام هەموو هەوڵێك دەدەین تا کارێکی باش بکەین، مەبارەی تواناکانی تیپەکەشەوە خۆزی حەمید ڕایگەیاند: «دوای نۆساڵ تازە تیپەکە دروست بۆتەوە و بەشدار دەبێت لە خولەکانی کوردستان، ئامانجمان دروستکردنی تیپێکی جیاوازە لە تیپەکانی دیکە و متمانەی تەواوم بە یاریزانەکان هەیە، کە جێگای ئەوەن بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، پێشبینییش دەکەین کە تیپێکی ئاسان نەبین، چونکە خاوەنی یاریزانی باشین و هەوڵی خۆشمان دەدەین تا چەند یاریزانێك بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشمان هەبێت».



دەکات، بۆ ئەوەی سیروانی نوێ بەهەمان ریتمی پێشووتر کیبڕکێ بکات، چاومان لەوەیە ئەنجامی گەورە بۆ شاری سلێمانی بەدەست بهێنین و ئەمساڵیش پشت بە یاریزانانی لاو دەبەستین، کە بەتەواوی ئامادەن و زۆربەشیان بۆ هەڵبژاردەی عێراق داواکراون، ئەوەش پاڵپشتێکی باشە بۆ ئێمە، لە داهاتووشدا بە تەواوی پشتیان پێ دەبەسترێ ئەگەر هەڵبژاردەی کوردستانیش دروست بکرێ بە هەمان شێوە. وا بڕیارە خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان لە ١٣ی ماناگی داهاتوو بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی تەناهی، هەڵەبجەی شەهید، سیروانی نوێ، چۆمان، ئافرەتانی دهۆك، ئافرەتانی هەولێر، ئەفرۆدێت، ڕەواندوز، چوار قوڕنە، ئاکرێ، شێخان) یارییەکانی دەست پێ بکات.

شێوەی خواستن لە یانەی داڵکوردی سوێدی پەیوەندی بە یانەی هەولێرەوە کردووە، لە ئەفریقاش یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی ئەفریقیای باشوور (ویلیام توالە) مۆرکردووە، کە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات، جگە لەم یاریزانانە هەولێر بە فەرمی لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی (ئیرتۆم ڕێبیرۆ سانتۆس)یش گەیشتە ڕێکەوتن، کە پێشتر بۆ یانەکانی فلامینگۆ و ئەنتەرناسیۆناڵ و بۆتافۆگۆ و فلۆمێنسی و بەنفیکای پورتوگالی و خولی قوبروسی یاری کردووە، جگە لە مانەوەی چەندین ئەستێرەی یانەکە بەتایبەتی هەریەك لە یاریزانان(شوان مامۆ، بارزان شێرزاد، هەردی سیامەند، کۆسرەت بایز، شێرکۆ کەریم) چەندین ئەستێرەی دیکەش کە مانەوەیان لە یانەکە ڕاگەیاندوە و سەرخستنی چەندین یاریزانیش. لای خۆیەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمانەوێ ئەمساڵ بەو یاریزانە کوردانەی خۆمان جیاواز بین و لە خولەکە ئاست و ئەنجامی پێویست بە دەست بهێنین، لەگەڵ ئەو گرێبەستانەی کردوومانە لەگەڵ یاریزانە پیشەگەرەکان و یاریزانەکانی دیکە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەری یانەکە ڕادان ئاست و ئەنجامی پێویست لە خولەکە بەدەست بهێنین، ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ سەرخستنی یانەکە ئەنجامی دەدەین».